# شایان

گرنگتر دەزانی و بەئاگاتر دەبی

بەشی یاسا

شەممە Sunday 2017/4/22 - ژمارە (3) Issue

دیوارنامەیەکی گشتییە مانگی جارێك لە بەشی یاسای زانکۆی ئیشك دەردەچێت


# کۆلێژی یاسا پانێلی (ئەلتەرناتیڤی نەوت) ساز دەکا

**پەیامنێری (شایان)**

سەعات ١٠:٠٠ی سەرلەبەیانیی رۆژی چوارشەممە ٣-٥-٢٠١٧ کۆلێژی یاسای زانکۆ ئیشک، بەهاوکاری لەگەڵ (تۆڕی هەماهەنگیی رێکخراوەکان)، پانێلێک لەژێر ناونیشانی (ئەلتەرناتیڤی پترۆل بۆ بەرەو پێشبردنی ئابووریی هەرێمی کوردستان لە کەرتەکانی پیشەسازی، کشتوکاڵ، گەشتوگوزار) بۆ سێ وەزیر و سەرۆکی رێکخراوێکی بازرگانی رێک دەخات.

سەرپەرشتیارێکی ئەو چالاکییە بە پەیامنیری (شایان)ی راگەیاند: بەشدارانی ئەو پانێلە بریتی دەبن لە هەریەکە لە نەورۆز مەولوود – وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار، عەبدولستار مەجید – وەزیری کشتوکاڵ، د. ئیدریس هادی – وەزیری پێشووی پیشەسازیی عێراق و ئەحمەد رێکانی سەرۆکی یەکیتیی وەبەرهێنەرانی کوردستان.

لە لایەکی ترەوە لە درێژەی چالاکییەکانی بەشی یاسای کۆلێژی یاسای زانکۆی ئیشکدا، وا بڕیارە رۆژی پێنجشەممە رێکەوتی ٢٠١٧/٥/١١، دووەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی خۆی (ILIC 2017) بە بەشداریی ٥ توێژینەوە لە بوارەکانی یاسا و زانستی و رامیاری و شەریعەتی ئیسلامی بەڕێوە ببات، کە لەلایەن توێژەرانی زانکۆکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستان و عێراقەوە پێشکەش دەکرێت.



## رۆژی جیهانیی کتێب

سەعات ١:٠٠ی نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە ٢٣-٤-٢٠١٧ بەبۆنەی (رۆژی جیهانیی کتێب)ەوە. کۆلێژی یاسای زانکۆی ئیشک، لە هۆڵێکی باڵاخانەی کۆلێژی پزیشکیی ددانسازی، بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆڕبەندی هزری ئیسلامی، سیمینارێک بۆ نووسەر و رۆشنبیر (د. عەبدولڕەحمان سدیق) ئەمینداری گشتیی کۆڕبەند، بۆ بەرز راگرتنی ئەو یادە رێک دەخات.

## زانکۆی ئیشك، یادی قوربانیانی ئەنفال بەرز رادەگرێ



لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا، رژێمی بەعس بە چەند قۆناغێکی جیا لە چەند ناوچەیەکی کوردستانی باشوور، تاوانی (ئەنفال)ی دژی خەڵکی کوردستان ئەنجام دا و تییدا جگە لە خاپوورکردنی هەزاران گوندی کوردستان، ١٨٢ هەزار کەس کە زۆربەیان گوندنشین و سڤیل بوون لەناو بران.

بۆ بەرز راگرتنی یادی قوربانیانی کارەساتی ئەنفال، بەشی یاسای زانکۆی ئیشک، لە رۆژی ١٣ی نیسانی ٢٠١٧، وەک نەریتی ساڵانەی، چەند چالاکییەکی ئەنجام دا.

یەکەمیان کردنەوەی پێشانگایەکی فۆتۆگۆافی و بەڵگەنامەیی قوربانیانی ئەنفال بوو کە لەلایەن د. ئیدریس هادی سەرۆکی ئەنجومەنی ئەمینداریی زانکۆی ئیشک، د. ئەحمەد ئۆزتاش سەرۆکی زانکۆ، د. حسێن چاکلیکۆیاک کرایەوە و هەمان رۆژ دوای پێشانگاکە، سیمینارێک بۆ د. ئیدریس هادی دەربارەی هۆکار و ئەنجام و لێکەوتەکانی کارەساتی ئەنفال و جوڵاندنی ئەو کەیسە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، رێک خرا.

## دیبەیتکارانی زانکۆی ئیشك یەکەم بوون


لە درێژەی چالاکییەکانی بەشی یاسای زانکۆی ئیشک لە هەولێر، رۆژی ٦-٤-٢٠١٧، دیبەتێک بۆ نۆ قوتابیی دواقۆناغی بەشی یاسای هەرسێ زانکۆی (ئیشک، سەلاحەدین، فەرەنسی لوبنانی) ساز درا.

ئەم دیبەیتە بۆ ئەوە رێک خرا کە ئاخۆ لە روانگەی قوتابیانی بەشی یاسای هەریەکە لەو زانکۆیانە، ئایندەی یاسایی سیاسیی هەرێمی کوردستانی عێراق، لەنێوان هەرسێ بژارەی (مانەوەی فیدراڵییانە لەنێو عێراق، یان ریفراندۆم و سەربەخۆیی، یاخود راگەیاندنی سەربەخۆیی و بەستنی کۆنفیدراڵییەک لەگەڵ وڵاتێکی دراوسێدا) بەرەو کام چارەنووس بڕوات باشترە.

بۆ دەستنیشانکردنی باشترین گرووپی دیبەیتکار و باشترین قوتابیی بەشداری دیبەیت، لیژنەیەکی حەوت کەسی لە مامۆستایانی یاساناسی هەرسێ زانکۆ دیاری کرابوون، بە سەرۆکایەتیی مامۆستایەکی بێلایەن.

پاش گفتوگۆیەکی چڕ و دوای ئەوەی هەرسێ گرووپ پێشنیاری خۆیان خستە روو، گرووپی قوتابیانی زانکۆی ئیشک، کە بریتی بوون لە (زەینەب ئەحمەد، عەبدولڵا شاخەوان، سومەییە رزگار) بە باشترین گرووپی دیبەیتکار دەرچوون و خەڵاتی یەکەمیان وەرگرت.





سەروتار

## دیوارنامەی شایان و رۆڵی ئافرەتان

**هیرۆ ئیسماعیل عارف**

زۆر جار پرسیار لە خۆم دەکەم: ئایا ئێمە چ جیاوازییەکمان لەگەڵ ئافرەتانی سەردەمی حەپسەخانی نەقیب و عادیلەخان و مەستوورەی ئەردەڵان و قەدەم خێردا هەیە کە وا بکات سەرەڕای هەموو ئەو پێشکەوتنانەی سەردەمەکەمان، کەچی تواناکانمان لە توانای ئەوان سنوردارتر بێت؟

لە مێژووی کوردا، ئافرەتانی خاوەن توانا و پێگەمان زۆر هەبووە، بێ گومان ئەو پێگەیەشیان بە چالاکی و کۆڵنەدانی خۆیان دەست کەوتووە، لێرەدا وەک نموونەیەک دەمەوێت تەنها ئاماژە بە هەندێک لە کارەکانی حەپسەخانی نەقیب بکەم کە بەشێک لە مێژوونووسان و نووسەران نازناوی (خانمی یەکەمی سەردەمی خۆی لەسەر ئاستی سلێمانی و خانەوادەکەی)یان لێ ناوە، چونکە ئەم خانمە ماڵەکەی کردبووە جێی دڵنەوایی ئافرەتانی شار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، رۆڵێکی بەرچاوی لە داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەت گێڕاوە، ئەویش لەرێی رۆشنبیرکردنیان و کردنەوەی یەکەمین قوتابخانەی کچان لە مێژووی کوردستاندا.

لە دیوەخانی حەپسەخانی نەقیب لەجیاتی باسکردنی جلوبەرگ و کەرەستەی جوانکاریی ژنان، هەمیشە باس لە خوێندەواری و رۆشنبیری و یارمەتیدانی لێقەوماوان و رەوشتپاکی و کوردایەتی و هەستی نیشتمانپەروەری کراوە، بۆیە دیوەخانەکەی بە قوتابخانەی بەرزی کۆمەڵایەتی بۆ وشیارکردنەوەی تاکی کۆمەڵگەی کوردی ناسراوە.

یەکێک لە کارە گرنگەکانی حەپسەخانی نەقیب ناردنی نامە بووە بۆ کۆمەڵەی گەلان (عصبە الامم) لە ساڵی ١٩٣٠ بۆ بەدەنگەوەهاتنیان لەسەر مافی رەوای گەلی کورد.

مەبەستم لە باسکردنی حەپسەخانی نەقیب و هاوتاکانی ئەوەیە کە لەو سەردەمەدا نە بەدەستهێنانی پەرتووک ئاسان بووە و نە خوێندەواری لەو ئاستەدا بووە کە شایەنی باسکردن بێت و نە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەیەکی وەها هەبووە کە بتوانرێت بەرهەمی نووسەرانمان بە چاپ بگەیەنێت یاخود بەرهەمی بیانی بۆ زمانی کوردی وەرگێڕێت. بەڵام ئەو ژنانە لەو سەردەمەدا هەمیشە هەوڵیان بۆ بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری و نەهێشتنی نەخوێندەواری و بەدەستهێنانی زانیاری داوە. هونەرمەند بەهجەت یەحیا جوانی پێکاوە کە دەڵێت: (جاران خەڵکی بەدوای پەرتووکەوە بوون، بەڵام ئێستا بەدوای دەفتەر کەوتوون).

ئەمڕۆ (٢٢ی نیسان) رێکەوتی ١١٩مین ساڵوەگەڕی دەرچوونی یەکەمین رۆژنامەی کوردییە بە ناوی (کوردستان) لەلایەن بنەماڵەی بەدرخانیانەوە لە قاهیرە.

هەر لەو رۆژەوە تا ئێستا، ئافرەتی کورد کەم تا زۆر رۆڵی لەناو رۆژنامەگەری و لەناو رەوتی میدیای کوردیدا گێڕاوە. لێرەدا پرسیارێک دێتە گۆڕێ: ئەگەر لە بزاڤی خوێندەواری و رۆشنبیریدا، خانمانەی وەک حەپسەخانی نەقیب و و هاوتاکانی نەبوونایە، ئەگەر لەنێو رەوتی میدیا و رۆژنامەوانیی کوردیدا، ئافرەت رۆڵی نەگێڕایە، چ کەموکوڕییەک لەم بوارانەدا دەبوو؟

نموونەیەکی تر: بیهێننە بەرچاوی خۆتان هەموو ئەو کەناڵانەی کە ئافرەت و پیاو تێیدا دەردەکەون، ئەگەر تەنها پیاوی تێدا بێت دوور لە رۆڵی ئافرەت، ئایا بینەر چ هەستێکی دەبوو؟ چ واتایەکی دەگەیاند؟ چ جوانییەکی دەدا؟ ئاخۆ میدیای کوردی دەگەیشتە ئەم ئاستەی ئێستا؟

ئافرەت جگە لەوەی میدیا پێش دەخات و جوان دەکات، هەروەها گۆڕانکاریش دەخاتە هەموو کایەکانی ژیانەوە، واتا بێ ئافرەت، هەموو ئەو کایانەی ژیان ئیفلیجن.

ئەو پێشەکییەم بۆ ئەوە بوو کە گلەیی لە کچانی ئەم زانکۆیە بەگشتی و کچانی بەشی یاسا بەتایبەتی بکەم، چونکە کاتێک کە ئەم دیوارنامەیەی (شایان)م دامەزراند، چاوەڕێی ئەوەم دەکرد کە کچەکان پێش کوڕەکان بابەت بنێرن، یاخود بێنە پێشەوە و داوای بەشداری بکەن لەم دیوارنامەیەدا، لەبەر هیچ نا لەبەر ئەوەی ئافرەتێک بەڕێوەی دەبات و بۆ ئەوانیش رێگەخۆشکەر دەبێت، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا یەک قوتابیی کچیش نەهاتووەتە پێش تا لە رێگەی بڵاوکردنەوەی بابەت و بەشداری لەم دیوانامەیەدا، رێگەیەکی دیکەی ژیان جگە لەو ژیانە رۆتینەی کە تێیدایە، بۆ خۆی بکاتەوە. کاری رۆژنامەنووسی وەکو یاسا هەموو لایەنەکانی ژیانی گرتووەتەوە، بۆیە بەقەد خوێندنەکەتان زەحمەت نییە، بەڵکوو زۆر لەوە ئاسانترێکە کە ئێوە بیری لێ دەکەنەوە، تەنها پێویستیتان بە هەنگاوی یەکەمە، راستە هەنگاوی یەکەم سەختە بەڵام ئەستەم نییە، بۆ ئەو هەنگاوە پێویستتان بەوە دەبێت کە بە هیچ جۆرێک بیر لە کاردانەوەکان نەکەنەوە، چونکە بیرکردنەوە لە کاردانەوەکان یەکەم رێگر دەبێت بۆ پێشکەوتنتان.

سەرنج: دیوارنامەی (شایان) ناوی خۆی بە خۆیەوەیە، رۆژنامەیەکە تەنیا بە دیواری بەشی یاسای زانکۆی ئیشک هەڵدەواسرێ و لەوێ دەخوێنرێتەوە، بەڵام ئەم ژمارەیە بە بۆنەی جەژنی رۆژنامەگەریی کوردییەوە، بە پێویستم زانی لەسەر ئەرکی خۆم و بێ هاوکاریی هیچ کەس و دەزگایەک، لەسەر کاغەزیش هەزار دانەی لێ چاپ بکەم، تا هەموو قوتابیانی زانکۆ بیبینن و بە بڵاوکراوەی خۆیانی بزانن.

## لە زانکۆی ئیشك فێستیڤاڵی بەهارە بەڕێوە چوو

لە چوارچێوەی کار و چالاکییەکانی زانکۆی ئیشک بۆ وەرزی بەهاری ئەمساڵ، رۆژی ٢٠١٧/٤/١٢ فێستیڤاڵی بەهارە بۆ زمان و کولتوور و زانست لە گۆڕەپانی زانکۆدا بەڕێوە چوو. چالاکییەکانی ئەم فێستیڤاڵە، بریتی بوون لە نمایشکردنی پرۆژەی زانستی و رۆشنبیری و کولتووریی قوتابیانی زانکۆی ئیشک و هەروەها ئاهەنگ و هەڵپەرکێ و خستنەڕووی نەریت و کولتوور و کەلەپووری نەتەوە و وڵاتانی دونیا، ئەمە وێڕای بەڕێوەبردنی پرۆژەیەکی خێرخوازییش لە بەرژەوەندیی لێقەوماوان، بە هاوکاریی قوتابیانی زانکۆ.

شایەنی باسە، قوتابیانی بەشی یاسا، نمایشێکی تایبەت بە هۆڵی دادگایان پێشکەش کرد و سەرنجی میوانان و ئامادەبووانیان راکێشا.



# بە جینۆساید ناساندنی کۆمەلکوژییەکانی دژی گەلی کورد

## بۆچی سەر ناگرێ؟ چۆن دەناسرێ؟ چ سوودێکی بۆ کوردستان دەبێ؟



**ئامادەکردنی: (شایان)**

وەک ئاشکرایە میللەتی کورد چ بە دەستی حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق، یاخود بەدەست دوژمنان و تیرۆریستانەوە بێت، لە زۆر قووناغی مێژوویدا کۆمەڵکوژ یان جینۆسیتید کراوە، کیمیابارانی هەڵەبجە، زنجیرەی ئەنفالکردن، جینۆسایدی کوردانی ئیزدی لە شنگال، چەند نموونەیەکی زەقی ئەو تاوانە گەورانەن کە دەرهەق بە کورد و خەڵکی کوردستان کراون، نەخاسمە لە هەرێمی کوردستان. بەڵام جێی داخە کە تا ئێستا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بە (جینۆساید نەناسێنراون) و بڕیاری نێودەوڵەتییان بۆ دەرنەچووە.

هۆکارەکانی بە جینۆساید نەناساندنی ئەم کارەساتانە لە رووی نێودەوڵەتییەوە، چۆنێتیی گەیاندنی ئەم کەیسانە بە دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی و هەروەها دەستکەوتەکانی بە جێنۆساید ناساندنی ئەو کەیسانە، هەموو ئەمانە کرانە پرسیاری (شایان) و بەسوپاسەوە لەلایەن وانەبێژی زانکۆی ئیشک **د.ئیدریس قادر شارەزا لە یاسای نێودەوڵەتی،** وەڵام دراونەتەوە و ئەمەی خوارەوە پوختەی وەڵامەکانی بەڕێزیانە:



د. ئیدریس قادر

هۆکارە سەرەکییەکانی نەناساندنی تاوانەکانی کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفالەکانی ساڵانی هەشتاکان و دوایین تاوان و کارەسات کە لە دژی خەڵکی شەنگال ئەنجام درا بە تاوانی جینۆساید بەرجەستە دەبێت لەم خاڵانە خوارەوەدا:

-1 لە سەردەمی ئەنجامدانی تاوانەکانی کیمیاباران و ئەنفال دژی میللەتی کورد، دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی نەبوو بۆ بینینی کەیسی کورد.

-2 لە دوا پێکهێنانی دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی لە ساڵی 1998 کە چووە واری جێبەجێکردنەوە لە ساڵی 2002 بەپێی مادەی (11) لە سیستەمی رۆمای سەرەکی دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی، ئەو دادگایە تایبەتمەند نابێت بە بینینی ئەو تاوانانەی ئەنجام دراون پێش مێژووی دەستبەکاربوونی ئەم دادگایە و دەستکردن بە کارەکانی.

-3 لە دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی، سکاڵاکان تەنیا لە دەوڵەتەکان وەردەگیرێت، ئێمەش وەکو کورد مافی ئەوەمان نییە کە سکاڵا بخەینە بەردەم دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی راستەوخۆ.

-4 ئەو باڵیۆزە کوردانەی لە باڵیۆزخانەکانی حکوومەتی عێراق لە دەرەوە کار دەکەن، یاخود نوێنەرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە وڵاتان، تا ئێستا رۆڵی کارای خۆیان نەبینیوە بۆ دروستکردنی قەناعەت لەلای ئەو وڵاتانەی کە کاری تیادا دەکەن، بە ناساندنی ئەم تاوانانە وەک تاوانی جینۆساید. بێ گومان بۆ دروستکردنی ئەو قەناعەتە لەلای ئەو دەوڵەتانە، پێویستە بەڵگەی یاسایی زیاتر و بەهێزتر پێشکەشی ئەو وڵاتانە لەلایەن نوێنەرەکانمانەوە بکرێن.

چارەسەرییەکان:

-1 دەکرێت لە رێگەی حکوومەتی عێراقەوە سکالای میللەتی کورد بخرێتە بەردەم دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی لەسەر تاوانەکانی جینۆساید کە لە دژی ئەنجام دراون.

-2 لە رێگەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بەپێی فەسڵی (7) هەفتەم لە بەڵگەنامەی UN و مادەی (13) بڕگەی (2) دووەم لە سستەمی رۆمای سەرەکیی دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی، دەکرێت ئەم کەیسە لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە رەوانە بکرێت بۆ بەردەم دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی، تاوەکو داواکاری گشتیی ئەم دادگایە بتوانێت دەست بە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو زانیارییانەی کە پێشکەشی دەکرێت بکات سەبارەت بەو تاوانانەی ئەنجام دراون، ئەوەش دەچێتە چوارچێوەی تایبەتمەندیی دادگا. بۆ نموونە حاڵەتی باشووری سودان و دەرچوونی بڕیاری (1593)ی ئەنجومەنی ئاسایش لە ساڵی 2005، هەروەها حاڵەتی لیبیا و دەرچوونی بڕیاری (1970)ی ئەنجومەنی ئاسایش لە ساڵی 2011.

دەستکەوتەکانی ناساندنی تاوانەکانی دژی میللەتی کورد بە تاوانی جینۆساید:

-1 قەرەبۆکردنەوەی قوربانیانی ئەم تاوانانە.

-2 پێداگیری لەسەر مافی چارەی خۆنووسین.


-3 فەراهەمکردنی پاراستنی نێودەوڵەتی کە دەکەوێتە ئەستۆی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان وەکو حاڵەتی بۆسنە و تەیمووری رۆژهەڵات.





### یاسا لەبەر دیدێکی ڕاتیۆنالیستیدا!

## هەر شتێك بەرهەمی خودی مرۆڤ بێ ناكامڵە



**هاوسەر نەجات**
**قۆناغی سێیەم**
**بەشی یاسا**


زانستی یاسا پرۆسەیەکی عەقڵییە و وابەستەی ویژدانی مرۆڤە و یاسا دەکاتە بابەت و توێژینەوە و سەرنج لەسەر ئەو بنەما هاوبەشانە دەخاتە بەر دید، کە گەلان لە جیهاندا لەسەری کۆکن، هەردەمیش پەیوەندیی یاسا و زانستی یاسایی وەک پەیوەندیی رێزمان وایە لەگەڵ زمانە جیاوازەکانی جیهاندا. هەرگیز ناکرێ لە کاتێکدا یاسا و ڕێسای یاسایی بەدەر لە دیالێکتێکی میتریاڵیی راتیۆنالستیدا پێناسە بکرێت، وەلێ لەمەشیاندا دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە زمان و زانستی زمان و یاسا و زانستی یاسا کە زەڕووڕەتی زادەی بیری مرۆڤن، ئەوەمان لەیاد بچێ هەردەم خۆمان لەوە بەدوور بگرین کەوا پێناسەی چەمکەکان بکەین کە ناکەونە بەر دیالێکتی میتڕیاڵی، وەلێ ئەگەر زمان دیاردەیەکی سروشتی بێ، ئەوا زانستی یاسایی بەرهەمی زەڕووڕەتێکی کۆمەڵایەتییە، هەردەم لەو وەسفەدا دەردەچێ کە قاعیدەیەکی تەقریری بێ، بگرە قاعیدەیەکی تەقویمییە و هەردەم ڕەفتاری تاکەکان لەناو کۆمەڵگادا هەڵدەسەنگێنێ، بەوەی کە دەبێت چۆن چۆنی بێ، نەک تەقریرکردنی وەک واقیعەیەکی سروشتی، بۆیە بەرلەوەی زانستی یاسایی یان وردتر بڵێم ڕێسای یاسایی کۆمەڵێک ڕێسای سلوکی گشتیی موجەڕەدین، کە ڕێکخەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بێت لەنێوان تاکەکان هەتا دوایی، کە دەسەڵاتێکی گشتی بیسەپێنێ بە سزایەک بۆ ئەوانەی سەرپێچیی لێوە دەکەن، ئاوا هەردەم دەڵێم قاعیدەی یاسایی قاعیدەیەکی تەقویمیی کۆمەڵایەتیی سلوکی و موجەرەدی گشتی و پرۆسەیەکی ڕایتۆنالیستیی جەدەلییەتێکی سۆسیۆ میتریاڵیی ڕێکخەری پەیوەندی و ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵگایە. بۆیە هەردەم دەبێ یاسا کولتوور دروست بکات، نەک کولتوور هۆکاری بوونی یاسای نوێ بێت، بۆیە هەبوونی دەوڵەت بەو مانا واقیعییەی کە دەبێ ببێ و ئەتوانرێ، بگرە ڕاقیترینیان بێ بەوەی خاوەنی کۆمەڵگایەکە کە هەردەم تاکەکانی ڕەفتارەکانیان وابەستەی کولتوورێکی رێکخراوی هزرێکی ڕێکخراون، کە لەناو هەناوی فەلسەفەی یاسا و زانستی یاساییدا دەوڵەت سەپاندوونی بەسەریاندا. ئەگەر لەو ڕوانگەیەدا بۆ بابەتەکە بچم، نە فەلسەفە بنچینەی مەعریفەی مرۆڤە بەبێ بوونی دیالێکتێکی ڕایتونالیستی هەرگیز بە یەقین نابێت، گەیشتنی مرۆڤ بە یەقین لە ڕێگەی هزرەوە، ئەوا بەرجەستەبوونێکی مادییە. بە واتایەکی دیکە، خۆی لە خۆیدا تایبەتمەندییەکی ماددی هەیە و ملکەچی جووڵە و یاساگەلێکی سروشتییە. جا ئەگەر ماتماتیک و یەقین دەرئەنجام و بەرئەنجامی یەکتری بن بۆ ئەوەی یاسا سروشتییەکانی لێوە هەڵێنجێنین و پڕۆسەی گەیشتن بە یەقین لە ڕێگەی مێشکەوە وابەستەی هزر و جووڵە بکەین، ئەوا لە وەها بارێکدا لە ترۆپکی ژیریدا لە هەموو بوونەوەرێک باڵاترە، بۆیە لەگەڵ ئەوەی مرۆڤ ناکامڵە، لەگەڵ ئەوەشدا دەرئەنجامی بوونی هزری خودی خۆیەتی، کە تێیدا هەردەم یەقینبوون لە بوونی من لەوەی من کە هەم لەوەیان سەرچاوە دەگرێت کە هزر هەردەم دەرئەنجامی جووڵەیەکی مەعریفییە، کە منی مرۆڤ بەهۆی هەستم وەری دەگرم. وەلێ ئەوەی وام لێ دەکات هەردەم بە گومان بم لەوەی کە تاکە بنەمایەک کە پرۆسەی مەعریفەی لەسەر بنیات بنێم نابێت تەنیا بە هەستپێکردنم و مەعقولات و مەسموعاتی من وەک کیانێکی ماددی سەرچاوە بگرێت، بگرە دەبێ هەردەم پڕۆسەی هزرگەریم وابەستەی یەقین بێ نەک مەعریفەیەکی وەرگیراو. لەمەشیاندا هەردەم دەڵێم دەوڵەتی ڕاقی ئەو دەوڵەتەیە کە کەمترین یاسای هەیە نەک زۆرترینیان، وەلێ ئەوەی وام لێ دەکات لە وەها بارێکدا بۆ ئەوە بچم کە پێناسەیەکی ڕایتۆنالیستیم لەبارەی یاساوە قبووڵ بێت، ئەوەیانە کە هەردەم هزرم وابەستەی ماتتیک و یەقین بکەم، ئینجا مەعریفە لەمەشیاندا هەردەم گوتوومە کە هیچ زانستێک بەدەر لەم قۆناغگیرییە ڕاتیۆنالیستیەدا ناکەوێتە گەڕ. جا بۆ ئەوەی لەسەرەتادا ئاماژەم پێ کرد، لەبارەی یاساوە هەردەم لەو پرۆسەیەدا بۆی چوومە کە یاسا زانستێکی مەعریفییە، یەقینی هزری ماتماتیکییە، هەردەم لە رووگەی چەندایەتی و چۆنایەتی بەرجەستەکەری ئەو ڕاستییەیە کە تاکە شتێک بێ شک و گومان لە زهنییەتی مرۆڤدا بوونی هەبێ و هەمیشەیی و لۆژیکییانە بەرجەستەکراو بێ، خودی مرۆڤ خۆیەتی کە زەمینەی گەشەسەندنی پڕۆسەی هزرگەراییەکە لە ڕێگەیدا بە حەقیقەت دەگات و ئەمەش تەنیا لەو کاتەدا بەرجەستە دەبێ کە هزر و خودی مرۆڤ وابەستەی یەکتری بکرێن. بەڵام لەم بارەیەوە کە مرۆڤ خۆی لە خۆیدا بوونەوەرێکی ناکامڵە لەبەر ئەوەیانە کە پڕۆسەی وابەستەکاریی هزر و خودی مرۆڤ پڕۆسەیەکی دیالێکتی میتڕیالیستی تەقویمییە. جا ئەگەر لەوەیاندا بەوە بگەین کە ئایا یاساکانمان چەندە ناتەواو و کەم و کورتن، دەبێ ئەمجارەشیان بگەڕێینەوە سەر کەینونەتی مرۆڤ و بیخەینە بەر دید لەوەی کە مرۆڤ بوونەوەرێکی قەوارەگەرایی ماددی و عەقڵێکی ڕەهەندئامێزە، لەمەشیاندا مرۆڤ خاوەنی کیانێکی ڕەهەندداره و خۆی لە ڕەهەندی هزر و جەستەدا بەرجەستە دەکات، وەلێ ئەوەی ڕەهەندی ناوەوەی بنیات دەنێ خود و عەقڵ و ئەندێشەیە کە ژینگەی گونجاو بۆ پڕۆسەی هزرگەری لە لای مرۆڤ دابین دەکەن، وەلێ ئەوەی ڕەهەندی دەرەوەی ئەم کیانە بەرجەستە دەکەن بریتیین لە جەستە و جووڵە و هەستەکان، کە تێیاندا مرۆڤ بەرجەستە دەبێ. هزری مرۆڤیش کە سەرچاوەی پڕۆسەی عەقڵگەراییە کە لێیەوە جوانترین کردار بەرجەستە دەبن، وەک نموونەی نەمامێک وایە لەنێو ناخدا چەکەرە دەکات بەهۆی عەقڵ و ئەندێشە لە ڕێگەی هەستەکانەوە و ڕەهەندی بەرجەستەبوو. مەعریفە لەو پڕۆسەیەدا هزرێکی بەرهەمدار لە مرۆڤدا دەخاتە گەڕ، جا ئەوەی وا لە مرۆڤ دەکات هەبێ، بەردەوامییەتی لە هزرگەراییدا و هیچ کاتێکیش هزر ناتوانرێ بەدەر لە چەمکی دیالێکتی میتریالیزمیدا پێناسەیەکی بۆ بکرێت، بۆیە بە ڕەوای دەبینم بڵێم هەر شتێک بەرهەمی خودی مرۆڤ بێ ناکامڵە، بەو مانایەی کە هەردەم خود وابەستەی دیالێکتێکی میتریالیزمی رایتۆنالیستییێکی بەردەوامە و یاساش جوانترین و ژیرانەترین بەرهەمی زاتی خودی مرۆڤە، کە لە پڕۆسەیەکی عەقڵگەراییدا هاتبێتە بوون. بۆیە چاککردنەوەی بەردەوامی یاساکان جوانترین و ژیرانەترینیانە لە وەها بارێکدا.

ڕاتیۆنالیستی: عەقڵگەری- میتریاڵی: ماددەگەری- دیالێکتیک: جەدەلی- سۆسیۆ: کۆمەڵایەتی

# چیرۆکی سەرکەوتنی شای مۆدەی جیهان (کوکوشانێڵ)



گۆران شێرزاد
قۆناغی سێیەم-بەشی یاسا



خاتوو (گابریل شانێڵ) کە لە ناوەندی مۆدەی جیهانیدا بە (کوکوشانێڵ) دەناسرێتەوە و لەدایکبووی ساڵی 1883ە، خۆی گوتوویەتی لەکاتی لەدایکبوونیدا، دایکی کۆچی دوایی کردووە، هەندێکیش دەڵێن تەمەنی 12 ساڵان بووە کاتێک دایکی کۆچی دوایی کردووە و باوکی جێی هێشتووە و رۆیشتووە بۆ ئەمەریکا بۆ گەڕان بەدوای ساماندا، بۆیە ژیانی لە خانەی بی سەرپەرشتان (هەتیوخانە) دەست پێ کردووە لە شاری (کوریز)ی رۆژئاوای فەرەنسا. 6 ساڵ لەو هەتیوخانەیەدا ژیانێکی زۆر ئەستەم و ناخۆشی بینیوە. بۆیە بەردەوام پاڵنەرێکی هەبووە بۆ هەڵاتن لەو ژیانە ناخۆشە و گەیشتن بە بەرزترین پلەی سەرکەوتن.

کوکوشانێڵ یەکێک بووە لە 100 کەسایەتییە بەناوبانگەکانی سەدەی بیستەم لەرووی کاریگەرییەوە، ئەمەش بەپێی راپرسییەکی گۆڤاری (تایم)ی ئەمەریکی. یەکێک لە بەخێوکەرەکانی لە هەتیوخانە ناوی لێ نابوو (کوکو) وەک ناوێکی خۆشەویستی، بەڵام دواتر ئەم ناوە بووە هۆی بڵاوبوونەوەی لەسەر گۆرانییەک بە ناوی (کوکو) دەربارەی سەگێکی بچووک، ئیدی لەو کاتەوە بووە ناسناوی شانێل. لە ساڵانی 1909-1910 رێکخراوێک کێبەرکێیەک بۆ فرۆشتنی بەرهەمی دەستکردی منداڵانی خانەی بێ سەرپەرشتان، لە یەکێک لە گۆشەکانی دووکانێکدا، تابلۆیەکی بچووک هەڵواسرابوو تایبەت بۆ فرۆشتنی کەرەستەی دەستکردی شانێڵ (دەستەسڕ، وردەجلکی سادە..) دوای کۆتاییهاتنی پێشبڕکێکەش، شانیل بڕیاری دا جلی تایبەت بە خۆی دروست بکات و ئەمەش بەدەستهێنانی سەرکەوتنێکی لەسەرخۆ بوو تا ساڵی 1913 بەم شێوەیە خەڵکەکە دەوریان دەدا و متمانەیان پێ دەکرد بەو مارکە بچووکە.

زۆربەی دیزاینەکانی لە رەنگی رەش و سپی پێک هاتبوون و خەڵکەکە زۆر بە تامەزرۆییەوە دەیانکڕی، سەرەتا هیچ هێمایەکی نەبوو جگە لە وشەی (شانێڵ)، بەڵام پاش بڵاوبوونەوەی ئەو مارکەیە لە دەرەوەی سنووری پاریس، دوو هێما پێشکەشی (کوکو) کرا و دووەم هێمای دەستنیشان کرد، ئەویش بە تێکەڵکردنی هەردوو پیتی (C) بە مانای ناسناوەکەی (کوکو) بوو، لەگەڵ ناوی مارکەکە کە (شانێڵە).

پێش ئەو ناوبانگە زۆرە، ماوەیەک لە یەکێک لە شوێنەکانی جلوبەرگ لە فەرەنسا کاری کردووە، ئەوکات کڵاوی دەدووری و لە یەکێک لە دووکانەکانی میوەفرۆشتن بۆ فرۆشتن دایدەنا، خەونی گەورەی هەبوو، بۆیە پاش ناسینی یەکێک لە دەوڵەمەندەکان بەناوی (کابێڵ) کە لە کارەکەی زۆر یارمەتیی داوە لە پاریس، فرۆشگایەکی کڵاوی کردەوە و سەرنجڕاکێشترین دیزاینی کڵاوی تێدا نمایش کرد.

پاش جەنگی جیهانیی یەکەم، کەرەستە و کارمەندەکانی کەم بوونەوە و بڕیاری دا بە تێچووی کەمتر و دیزاینی جوانتر قوماش دروست بکات و بە نرخێکی کەمتر بیخاتە بازاڕەوە، لەلایەکی ترەوە کارگەیەکی بچووکی تایبەت بە خشڵ و کەرەستەی جوانکاری دروست کرد و ساڵ 1932 یەکەمین بەرهەمی کارگەکەی خستە بازارەوە.

مارکەی شانێڵ لە ساڵی 1993دا لەوپەڕی سەرکەوتندا بوو کە ئەوکات سەرکردایەتیی دامەزراوەیەکی دەکرد و 4 هەزار کارمەندی لەخۆ دەگرت، لەگەڵ ئەوانەشدا دیزاینەکانی بووبوونە جێگای سەرنج بۆ بەناوبانگترین ئەکتەرەکانی ئەوکات و هەندێک لە کەسایەتییە سیاسییە جیهانییەکان، (برونو بافلوسکی) کە بەڕێوەبەری کار و چالاکییە جیاوازییەکانی (کوکو شانێل) بووە، بۆ رۆژنامەی (لوموند)ی فەرەنسی هەندێک لە نهێنیی دوا ساتەکانی ژیانی (کوکو شانێڵ)ی ئاشکرا کردووە و دەڵێ: "رۆژێکی سالی 1971 کە شانێل هەستی کرد ساتەکانی کۆتایی ژیانیەتی، داوای لە خزمەتکارەکەی کرد یارمەتیی بدات لە لەبەرکردنی جلوبەرگی کەشخە و ریکخستنی پرچیدا، ئیدی چووە ژوورەکەی خۆی و لەسەر جێگای نوستنەکەی پاڵ کەوت، پاش چەند خولەکێک کۆچی دوایی کرد و پاشان لە شاری (لوزان)ی سویسرا نێژرا".

وتە بەناوبانگەکانی شانێڵ:


*من کچێک نیم لەوپەڕی تەمەنی هەرزەکاریمدا، بەڵام من خۆم وا دەبینم، ئەگەر رۆژێک هەستم کرد تەمەنێکی زۆرم هەیە، دەچمە سەر جێگای نوستنەکەم و لەوێ دەمێنمەوە.

* مۆدە تەنها لە جلوبەرگەکاندا ئامادە نییە، بەڵکوو لە ئاسمان و شەقامیشدا هەیە، مۆدە پەیوەندیی بە بیرکردنەوەکان و بە رێگای بژێویی ژیانیشەوە هەیە.

* بۆ ئەوەی مرۆڤ کەسێک بێت و شوێنەکەی دووبارە پڕ نەبێتەوە، پێویستە جیاواز بێت.

* ئەگەر جلوبەرگێکی شێواوت لەبەر کرد، هەموو خەڵک جلەکەی تۆی بیر دەکەوێتەوە، بەڵام کە جلێکی رێک و جوانت پۆشی، ئیدی هەمیشە خەڵک تۆیان بیر دەکەوێتەوە.

# ژیان و مردن لە چەند چرکەیەکی دادگاییدا



جوامێر سەرباز
قۆناغی سێیەم - بەشی یاسا

لە ژیاندا گەلێ جار بیستوومانە، دادوەرێک بڕیاری لەسێدارەدانی تۆمەتبارێکی داوە، بەڵام داوای جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەکە، دەرکەوتووە تاوانبارەکە ئەو کەسە نەبوو کە لەسێدارە دراوە، ئایە ئەم هەڵە کوشندەیە کۆتایی دێت؟

لەو کاتەوەی بووم بە قوتابیی بەشی یاسا بیری لێ دەکەمەوە، هۆکارەکانی ئەم جۆرە هەڵانە چین؟ ئایا هەڵەی دادوەرە، یان لێکۆڵەری دادی، یاخود ئاڵۆزیی دۆسیەکان؟

لێرەدا خاڵێکی گرینگ دەخەینە روو (باوەر بە هیچ گریمانێک، چونکە هەر چرکەیەک ئەگەر هەیە دژی ئەگەرەکە بدۆزیتەوە) ئەمەش ناکاتە ئەوەی هەرگیز بڕیار نەدەیت، بەڵکوو خودی گەیشتن بە راستی قورسە.

لە چیرۆکێکی رەخنەئامێز لە بڕیاری لەسێدارەداندا، هەندێ خاڵ دەخەمە روو کە جێگای پرسیارن: لە تاوانی کوشتندا لەنێو خانوویکی گەورە لە ناوچەیەکی چواردەوری شار، تاوانێکی کوشتن رووی دا کە تێیدا ئافرەتێکی هونەرمەندی گەورە کوژرا بە چەکی کلاشینکۆف بە پێنج فیشەک کە لە ناوەڕاستی نێوچاوانی و ملی و دوو فیشەک بەر سینگیشی کەوتبوو، یەکیان لە سەرووی دڵ و ئەوی تریان بەر دڵی و فیشەکی کۆتاییش بەر ناوەراستی زگی کەوتووە، خاوەنی چەکەکەش هاوسەری تاوان لێکراوەکەیە، کاتی تاوانەکە سەعات ١١ی شەو بووە، خولەکێک پێش روودانی تاوانەکە، هاوسەرەکەی هاتۆتەوە ماڵ و هیچ ئاسەوارێکی شکاندنی دەرگا و پەنجەرە نەبینراوە و هیچ بەڵگەیەکیش نایسەلمێنێت کە هاوسەری تاوان لێکراو تۆمەتبار نییە، لە جێپەنجە و هاتنەژوورەوە و کردنەوەی دەرگاکان، ئەمە لە کاتێکدا کە کاتی لێکۆڵینەوە هەموو راستییەکان دەدرکێنێت، کەچی هیچ بەڵگەیەکی بۆ پشتڕاستکردنەوەی وتەکانی لەبەردەستدا نییە، دوای لێکۆڵینەوە وا دادەنرێت کە هاوسەری تاوان لێکراو تاوانباری سەرەکییە لە تاوانی کوشتنی عەمدیی خانمە هونەرمەندەکە. لەو کاتەدا هیچ پارێزەرێک باوەڕ بە تۆمەتبارەکە ناکەن تا پەڕاوەکانی وەربگرن و ببن بە پارێزەری، تەنیا خانمە پارێزەرێکی ئافرەت رازی دەبێت کە هاوسەرەکەی لێکۆڵەرێکی بەتوانای ئەو شارەیە کە تاوانەکەی تێدا ئەنجام دراوە، دوای وەرگرتنی دۆسیەکە لەگەڵ تۆمەتبار دادەنیشێت و قسەکانی وەردەگرێت، پرسیارێ لە تۆمەتبار دەکات: ئایە پێش کوژرانی هاوسەری، هیچ کێشەی خێزانییان هەبووە، ئاخۆ هیچ کاتێ تاوانلێکراو یاداشتەکانی خۆی نوسیوەتەوە؟ لە وەڵامدا دەڵێت: نەخێر هیچ کێشەیەکمان نەبووە و هیچیش ئاگەداری نووسینی یاداشتەکانی نیم، بەڵام خۆی شاعیرە شیعر دەنووسێت.

پارێزەرەکە ئیدی تاوتووی نووسینەکانی تاوان لێکراو دەکات و چەند دانەیەک دەدۆزێتەوە، لە یەکێک لە شیعرەکانیدا ئاماژەی بە نهێنییەک کردووە کە دەفتەرێکی هەیە تییدا باسی خۆشەویستیی هاوسەرەکەی کردووە، پارێزەرەکە دوای گەڕانێکی زۆر لەنێو سەقفی ژووری نووستندا دەیدۆزێتەوە، دوای خوێندنەوەی بۆی دەردەکەوێت کە تۆمەتبار (مێردەکە) ماوەیەک پێش روودانی تاوانەکە، لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە هەڕەشەی کوشتنی لێ کراوە بەهۆی پیشەکەیەوە کە بازرگانە.


پارێزەرەکە ئەم بەڵگەیە دەباتە دادگا، بەڵام دەبینێ لە کاتی دادبینیدا لەنێو جانتاکەیدا نەماوە و ون بووە، بەڵام بە دادوەر دەڵێت شتێکی وام دۆزیوەتەوە، دادوەر وای دادەنێت لایەتی، کەچی بە دادوەر دەڵێت ئێستا لام نەماوە، ئیتر دادوەر گومان دەگە کا خانمە پارێزەرەکە دەیەوێت دادبینی بە لارێدا ببات، بۆیە بڕیاری لەسێدارەدا بۆ تۆمەتبار دەردەکات و دوای سی رۆژ مێردەکە لەسێدارە دەدرێت.

دوای ماوەیەک، بەهۆی بەردەوامبوونی پارێزەرەکە لەم دۆسیەیەدا، ئاژاوە دەکەوێتە نێوان خانمە پارێزەرەکە و هاوسەرەکە کە لێکۆڵەرە، بەڵام بە رفاندنی پارێزەرەکە لەلایەن باندێکی مافیای ئەو وڵاتە، ئیدی هەندێ راستی دەردەکەون، لەو کاتەی خانمە پارێزەرەکە رفێندراوە گوێبیستی ئەو پەیوەندییە دەبێت کە لەگەڵ هاوسەرەکەی ئەنجام دراوە و داوای گۆڕینی دۆسیەکەی لێ کراوە، بەرامبەر ئازادکردنی هاوسەرەکەی، هەڕەشەش دەکەن کە ئەگەر ئەو کارە ئەنجام نەدات هاوسەرەکەی وەک هونەرمەندەکە دەکوژن.

لەو کاتەدا لێکۆڵەرەکە کارەکە ئەنجام دەدات و هێزێکی پۆلیسی تایبەت هەڵدەکوتنە سەر ئەم باندە و دەستگیریان دەکەن، لە کاتی ئۆپەراسیۆنەکەدا ئەو بەڵگانەی بێتاوانیی مێردی خانمە هونەرمەندە کوژراوەکەیان دەسەلماند و لە جانتای خانمە پارێزەرەکەدا نەما، دەستی بەسەردا دەگیرێت، خانمە پارێزەرەکەش رزگار دەکرێت، دوای لێکۆڵینەوە بۆیان دەردەکەوێت کەوا مێردە بازرگانەکەی خانمە هونەرمەندەکە بە هیچ شێوەیەک تاوانبار نییە بە کوشتنی ژنەکەی و ئەو کەسەی ئەم بەڵگانەی لە پارێزەرەکە بردووە، هاوسەرە لێکۆڵەرەکەی پارێزەرەکە بووە ئەویش بە مەبەستی پاراستنی گیانی ژنەکەی و خانەوادەکەی.

ئەمە نموونەیەکە لەو بڕیارە هەڵانەی، گەلێ جار لەسەر ئاستی جیهان لەلایەن دادوەرانەوە بەهەڵە دەدرێن، بەڵام دەکرێ بپرسین: ئاخۆ لەم حاڵەدا کێ مافی ئەو بازرگانە لەسێدارەدراوە دەداتەوە؟

# قازیش تەڕ دەبێ!



بە پێنووسی کۆنە قازێک

یەکەمین ساڵی خوێندنی زانکۆم، لە شاری بەغدا بوو، ئەو شارە بۆ منێک کە هەرگیز دەرەوەی شاری خۆمم نەدیبوو، دەتگوت زەریایەکی گەورەیە و منیش بە بەلەمێکی زۆر گچکە لەنێوەندیدام و نازانم بەرەو کوێ سەوڵ لێدەم. ئاخر من شاری بەغدام تەنیا لە تەلەڤزیۆندا دیبوو، لە من وابوو، تەنیا کۆشکەکانی سەدام و مەدینەتولەئەلعاب و رووباری دیجلە و مۆنۆمێنتی ئازادیی جەواد سەلیمە، من چووزانم ئەم شارە هێندە گەورەیە نە ئەمسەری دیارە نە ئەوسەر. نە شارەزای جادە و بان و گەڕەک و ناوچە و بازاڕ و کۆڵانەکانی بووم، نە زمانی عەرەبیم دەزانی، نە ماڵە خزمێک، ناسیاوێکم لەوێ بوو، تەنیا دڵم بەوەندە خۆش بوو کە سێ هاوڕێی ترم کە لە قۆناغی ئامادەیی و ناوەندی پێکەوە بووین، بە هەمان شێوە وەکوو من لە کۆلێژ و زانکۆکانی دیکەی بەغدا وەرگیرابوون.

بە هەرحاڵ سەرەتا لەگەڵ ئەو سێ هاوڕێیەم لە شوقەیەکی نزیک زانکۆکەی ئەوان چەند رۆژێک ژیام، دواتر لە کۆلێژی خۆمان کوڕێکی عەرەبی عەمارەییم بەناوی (فورات)ەوە ناسی کە بەتەنیا لەنزیک کۆلێژی خۆمان شوقەیەکی دوو ژووریی گرتبوو، ئیدی چوومە شوقەکەی ئەو، بۆ من باش بوو کە چوومە نزیک کۆلێژی خۆم و خەرجیی هاتوچۆم لەکۆڵ بۆوە، بۆ فوراتیش باش بوو، چونکە هەم هاوڕێ و هاودەمێکی دەستکەوت و هەم چیتر بەتەنیا کرێی شوقەیەکی دوو ژووریی نەدا.

ئیدی رۆژانە پۆشاکی ستانداردی زانکۆی ئەودەم (پانتۆڵی رەساسی و کراسی سپی و چاکەتی نیلی)ی تەواو ئوتووکراوم دەپۆشی و بە تف و بۆیاخ و رۆن شەوقم دەخستە سەر پێڵاوەکانم، بەیانیان زوو بە لیڤێکسێکەوە دەکەوتمە رێ بۆ دەوام و پاشنیوەڕۆیانیش دەگەڕامەوە، بە پۆزێکی زۆرەوە بەو شەقامانەدا دەڕۆیشتم، وام دەزانی هیچ بەشەرێک لە دنیادا قوتابیی زانکۆ نییە من نەبێ.

کەمترین رۆژ رێکەوتی ئەوەی دەکرد من و فورات پێکەوە بکەوینە رێ، یان پێکەوە بگەڕێینەوە بۆ شوقە، چونکە زۆربەی رۆژەکان موحازەرەی ئەو لە سەعات ٩:٠٠ یان ١٠:٠٠وە دەستی پێ دەکرد، خۆ ئەگەر رۆژێک لە ٨:٠٠ی بەیانیشەوە بوایە، ئەم موحازەرەی یەکەمی لێ دەدا و غایب دەبوو، چونکە هەم خەو قورس و لەش بەبار بوو، هەمیش هێندەی من بەجدی خوێندنی زانکۆی وەرنەگرتبوو، پاش نیوەڕوانیش زۆربەی رۆژ لەگەڵ هاوڕێ عەمارەییەکانیدا دەمایەوە و نەدەهاتەوە تا ئێوارێ.

فورات عەرەب و شیعەمەزهەب بوو، کوڕێکی هەتا بڵێی دڵپاک و رۆحپاک و قسەخۆش و رەزاسووک بوو، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا بووە هاوڕێیەکی زۆر نزیکم، تاکە موشکیلەم لەگەڵیدا ئەوەبوو کە نەیدەزانی برنجی خۆش لێ بنێ، هەمیشە برنجی بێ خوێ و سپی و بێ تام!

بەیانییەک زوو، چوارسەد مەترێک بەولا شوقەی خۆمانەوە، بە سێبەری باڵەخانەیەکی چوار نهۆمیدا دەڕۆیشتم، وەختێکم زانی یەک عەلاگەی پڕ ئاو لە ئاسمانەوە هات و دای بەسەرمدا و تەقی، تۆ لە ترس و راچڵەکینەکە گەڕێ، بەڵام ئاوبالام بوو بە ئاو، ئەو پۆشاکە ئووتووکراوە جوانانەم، دەتگوت تازە لە حەوزی خومخانەیان دەرهێناون، نەمزانی چۆن خۆم گەیاندەوە شوقە و جلی تازەم لەبەر کرد و بە تاکسی چوومەوە بۆ کۆلێژ.

سەرەتا وامزانی یەکێک لەو ماڵانەی ئەو باڵەخانە چوار نهۆمییە بەهەڵە ئەو عەلاگە ئاوەی فڕێ داوەتە خوارەوە، بەڵام لە ماوەی مانگێکدا چوار جاری تریش هەمان شتم لێ قەوما، ئیدی زانیم کەسێک لە باڵکۆنی ئەو باڵاخانەیەوە عەلاگە ئاوم تێ دەگرێت، لێ چونکە هێشتا چاوم نەکرابۆوە و عەرەبییشم باش نەدەزانی، جورئەتی ئەوەم نەکرد بچمە باڵەخانەکەوە و تاقیبی ئەوە بکەم بزانم کێ ئەو عەلاگە ئاوانە دەهاوێ.

جارێکیان بە فوراتم گوت، بەڵکوو بێت لەگەڵما بچینە ئەو باڵەخانەیە و بپرسین، بەڵام زۆر بەجدیی وەرنەگرت، ناوبەناو بە قەشمەرییاتەوە دەیگوت: "ئەوەی تۆ باسی دەکەیت مووشەکی ئاوییە نەک عەلاگە!"... نزیکەی مانگێک بەسەلامەتی بەردەم ئەو باڵەخانەیەم دەبڕی و کەس عەلاگە ئاوی نەدەهاویشت، نیوەڕۆیەک لەگەڵ کچێکی عەرەبی هاوپۆلی خۆم بەناوی (تەغرید)ەوە لە کۆلێژەوە بە پیاسە هاتینەوە، ئەوە یەکەمین جارم لە ژیانما پیاسە لەگەڵ کچێکدا بکەم، وام دەزانی هەموو دنیا هی منە، لە خۆشییا خەریک بوو باڵم دەگرت، هیچ ئاگام لەوە نەبوو کە گەیشتووینەتە بەردەم باڵەخانە نەفرەتییەکە، لە گەرمەی قسە و فشەفشدا بووم بۆ تەغرید، وەختێکم زانی یەک عەلاگەی گەورە ئاو دای بە شانمدا، نەک هەر من بەڵکوو ئەو تەغریدە بەدبەختەشی لە ئاو هەڵکێشا، تەغرید سەری بەرەو باڵکۆنەکان بەرز کردەوە و بە زمانی عەرەبی یەک دنیا جنێوی ناشرینی دا، نەموێرا بە تەغرید بڵێم جاری تریش ئەوەم لێ قەوماوە، تەنیا ئەوەندەم گوت. "دەی گوێی مەدەرێ، رەنگە بە هەڵە لە ماڵێکی ئەو باڵەخانەیەوە فڕێ درابێت!".

بە هەرحاڵ، پیاسە رۆمانسییەکەم لێ تێکچوو و بەپەلە تاکسییەکم بۆ تەغرید گرت تا بڕواتەوە بۆ شوقەکەی خۆی، سەیرێکی باڵەخانەکەم کرد: ئەی خوایە چل باڵکۆن و چوار قات بینام لێوە دیارە، من لەپای ئەم عەلاگە ئاو هاویشتنە، بچم ئێخەی کێ بگرم!

رۆژ هات و رۆی، تا لە کۆتایی ساڵدا، پاش ئەوەی زۆر قوتابیی کوردم ناسی، شەوێکیان چەند قوتابییەکی کوردی قۆناغی سێ و دووی کۆلێژی خۆمان، دەعوەتیان کردم بۆ شوقەکەی خۆیان، کە چووم بۆ لایان، بینیم لە قاتی چوارەمی ئەو باڵەخانەیەن کە عەلاگە ئاوەکانی لێ دەکەوتە خوارەوە، هیچ قسەم نەکرد، شەو دەستمان کرد بە کۆنکەن، لەنێو یارییەکەدا بابەتی عەلاگە ئاوەکانم کردەوە و گوتم: "ئای کاتی خۆی لەم باڵەخانەیەوە عەلاگە ئاویان تێ گرتم، ئای دەردیان پێ دام! ئای پیاسەی رۆمانسییان لێ کردم بە زەهری مار!".. هەر کە وام گوت هەموو قوتابیەکان دایانە قاقای پێکەنین (هاهاهاهاها...) دواتر دانیان بەوەدا نا کە ئەوان بوون عەلاگەی پڕ ئاویان تێ گرتووم، پرسیم: "کوڕی باشینە ئاخر بۆچی لەو هەموو عالەمەدا عەلاگە ئاوتان لە سەری مندا دەتەقاند، خۆ من کوردێکی غەریب بووم وەکوو ئێوە!"... یەکێکیان گوتی: "ئاخر دەمانویست بزانین قاز تەڕ دەبێت یان نا!".

سەپەرشتیار: سەرۆکایەتیی بەشی یاسا

Şayan

سەرنووسەر:
هێرۆ ئیسماعیل عارف

شایان

# ڕۆڵی ڕاگەیاندن لەسەر کۆمەڵگە

شکار عەبدولقادر
قۆناغی چوارەم
بەشی یاسا



سەرهەڵدانی مێژووی ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی بەرچاو، لە دوای جەنگی جیهانیی یەکەمەوە ڕۆڵی کاریگەری هەبوو لەسەر بیر و بۆچوون و ڕای گشتیی جەماوەر و حەز و داواکارییەکانی هەموو تاکێکی کۆمەڵگە.

ئەگەر سەرەتای دەرکەوتنی ڕاگەیاندن لەگەڵ ئێستای ئەو بوارەدا بەراورد بکەین، دەبینین پێشکەوتنێکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، سەرەتا کە هەموو هەوڵێکی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگەدا لە ڕێگای (گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێبەوە) بەدی دەکرا، کاریگەرییەکی کەمی لەسەر کۆمەڵگە بەجێ هێشت، ئەوەش بەهۆی نەبوونی خوێندەواری و نزمیی ئاستی تێگەیشتنی کۆمەڵگەی مرۆیی بەگشتی.

بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و ئاسانکاری و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و هەوڵدان بۆ ئاشنابوون بە ڕووداوە ناوخۆیی و جیهانی و مێژووییەکان، هەموو ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی کە ڕاگەیاندن ببێتە بەشێک لە دەسەڵات. یەکێکی تر لە کاریگەرییەکانی ڕاگەیاندن لەسەر کۆمەڵگا ئاوێتەکردنی دابونەریت و تێڕوانینی (فکری و ڕۆشنبیرییە) لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر کە هەندێک جار دەبێتە هۆی گەشەسەندنی کۆمەڵگا و ئاڵوگۆڕکردنی ڕەوشت و نەریت و کولتوور و فەرهەنگە مێژوویی و ئەدەبییەکان.

بەڵام هەندێک جاریش بە پێچەوانەوە دەبێتە هۆی نەهامەتی و بڵاوبوونەوەی کێشەی تاوان و لاساییکردنەوەی ئەزموونی خراپ و توانەوەی نەریتە ڕەسەنەکان لە کۆمەڵگادا. بۆیە هەموو ئەم کاریگەرییە باش و خراپانەیش بەئاسانی لەسەر توێژی گەنجانی کۆمەڵگا دەکەوێت، چونکە هەموو کاتێک گەنجان پێشەنگ دەبن لە هەڵبژاردنی هەلومەرج و تاقیکردنەوەی ڕێڕەوێکی نوێ و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی و بەگەڕخستنی تواناکانی.

بێگومان کاتێک کە باس لە ڕاگەیاندن دەکەین ناتوانین پەیوەندیی نێوان دەسەڵات و ڕاگەیاندن نەهێنینە بەر باس کە پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لەنێوانیاندا، چونکە هەر لایەنێک کە خواستی بەدەستهێنانی دەسەڵاتی هەبێت لەناو کۆمەڵگەدا، ئەوا پێویستی بە بەدەستهێنانی متمانەی هەر تاکێکی کۆمەڵگا دەبێت، دیارە کە بەدەستهێنانی متمانە کارێکی ئاسان نابێت لەکاتێکدا کە هیچ جۆرە پەیوەندی و بەرچاوڕوونییەک نەبێت بۆ تێگەیشتنی کۆمەڵگا لە بەرنامە و سیاسەت و ئایدیۆلۆژیای دەسەڵات.

بۆیە لێرەدا دیسانەوە ڕۆڵی ڕاگەیاندن کارا دەبێت وەک هۆکارێکی جوڵاندنی بیروباوەڕی ئاراستەکردنی کۆمەڵگا بۆ ئامانجە هاوبەشەکانیان، بەتایبەتی لە کاتی دەرچوونی ئەنجامی لێکۆڵینەوە دەروونناسی و کۆمەڵناسییەکاندا کاریگەرییان زیادی کرد، کاتێک کە دەسەڵات دڵنیا بوو لە گرنگیی ئاراستەکردنی ئەم هۆیانە لەسەر ئاستی ناوەوە و دەرەوەدا کە وەکوو ئامێرێک بەکاری بهێنێت لە هەڵبژاردن و جەنگە سیاسییەکاندا.

# نوکتەی قانوونی



لەسەر تاوانی دزیکردن، دادوەر تاونبارێک بە غەرامەی ٥٠٠ هەزار دینار سزا دەدات، دوای ئەوەی دادوەر دەقی حوکمەکە بۆ تاوانبارەکە دەخوێنێتەوە، تاوانبار دەڵێت:
– گەورەم لێت ناشارمەوە، بۆ ئەوەی ئەو ٥٠٠ هەزار دینارەی حوکمەکەم پەیدا بکەم، پێویستم بەوەیە دزییەکی تر بکەم!

***

مامۆستایەکی یاساناس لە کۆڕێکدا، باس لە یاساکانی سەردەمی ڕۆمانیی کۆن دەکات و دەڵێت: ئەگەر قەرزدارێک نەیتوانیبا لە کاتی خۆیدا قەرزەکە بۆ خاوەن قەرز بگێڕێتەوە، خاوەن قەرز دەیتوانی بە ئارەزووی خۆی سووکایەتی بە قەرزدارەکە بکات و کاری سەیری پێ بکات، بۆ نموونە زۆر جار خاوەن قەرز داوای لە قەرزدار دەکرد گاسنێک لە خۆی ببەستێت و وەکوو گا زەوییە کشتوکاڵییەکەی بۆ بکێڵێت!
یەکێک لە ئامادەبووانی کۆڕەکە کە گوێی لەم قسەیە دەبێ، بە گوێی برادەرەکەی تەنیشتیدا دەچپێنێ، مەمنوونی ئەو خوایە بە کە لەم سەردەمەی ئێمەدا ئەو قانوونە نییە، ئەگینا نیوەی عاردی گۆی زەوییان بە من و تۆ دەکێڵا!

***

دادوەر لە ژنەکە دەپرسێت: بۆچی دەتەوێت مێردەکەت تەڵاقت بدات؟
ژنەکە: چونکە مێردەکەم حەیوانە!
دادوەر: باشە بۆچی سەرەتا شووت پێ کرد؟
ژنەکە: ئاخر نەمدەزانی تا ئەو ئاستە حەیوانە!
لێرەدا مێردەکە دەکەوێتە قسە و بە دادوەر دەڵێت:
– درۆ دەکات قوربان هەر لە سەرەتاوە دەیزانی!

# میقداد بەدرخان و ڕۆژنامەی (کوردستان)




میقداد مەدحەت بەدرخان، کوڕی میر بەدرخان پاشایە و لە کوردانی باکووری کوردستانە، ساڵی لەدایکبوون و کۆچی دوایی نەزانراوە. ئەم ڕۆشنبیرەی کوردە کە بە (پیری ڕۆژنامەونووسانی کورد) ناسراوە، لە ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ یەکەمین ڕۆژنامەی کوردیی لە قاهیرەی پایتەختی میسر دەرکرد و لەوساوە تا ئێستا ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی کوردی بەردەوامە ئەمە سەرەڕای دۆخی سیاسیی ناهەمواری نەتەوەی کورد و خاکی کوردستانی گەورە. هەر بەهۆی ئەو هەنگاوەی میقداد بەدرخانەوە تا ئێستاش ڕۆژی ٢٢ی نیسان لە کوردستان بە جەژنی ڕۆژنامەنووسانی کورد دادەنرێت.

میقداد بەدرخان بە هۆکاری سیاسی ساڵی ١٨٩١ لە تورکیاوە چووەتە میسر، لە ساڵی ١٨٩٨دا لە قاهیرە پێنج ژمارەی ڕۆژنامەی (کوردستان) بڵاو دەکاتەوە، دوای ئەوە هەر چەند ژمارەیەک و لە وڵاتێک دەردەچێت، پاش ئەوە بەهۆی هەڕەشەکانی سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانییەوە ئەگەڕێتەوە ئەستەمبوڵ، تا لەسەر ئەم براکانی تووشی ئەشکەنجە و زیندانی کردن نەبن.

ساڵی ١٨٩٩ لەگەڵ عەلی بێگی برایدا هەوڵ دەدەن زەمینە بۆ شۆڕشێکی نەتەوەیی خۆش بکەن، بەڵام سەر ناکەون. ساڵی ١٩٠٦ لەسەر هەڵوێستی سیاسیی لە تورکیا نەفی کرا. ساڵی ١٩١٠ و ماوەیەک پاش ڕاگەیاندنی حکوومەتی دەستووری لە ئەستەمبوڵ بەشداری دەکا لە دامەزراندنی «جەمعیەتی نەشری مەعاریفی کوردی» بەپێی هەندێ سەرچاوە ماوەیەک کراوە بە موتەسەریفی شاری دەرسیم. بەڵام لەو ساڵە بەدواوە هیچ شتێک دەربارەی ژیانی نازانرێت، میقداد مەدحەت بەدرخان جگە لەوەی کە یەکەمین ڕۆژنامەنووس و دامەزرێنەری بزاڤی کوردییە چاپخانەیەکیشی بە ناوی (چاپخانەی کوردستان) لە قاهیرە دامەزراندووە، کە بەیەکەمین چاپخانەی کوردی دەژمێردرێت.


میقداد مەدحەت بەدرخان جگە لە زمانی کوردی، زمانەکانی (تورکی، عەرەبی، فەرەنسی)یشی بە باشی زانیوە.

# لەبارەی یاساوە چی دەڵێن؟



– ئەو یاسایانەی دەمەکان دادەخەن و قەڵەمەکان دەشکێنن، بێ شک خۆیان دەڕووخێنن... **بوزانیاس**
– هەر کەس ئەمڕۆ بۆ بەرژەوەندیی تۆ سەرپێچیی لە یاسادا کرد، سبەی بۆ وێرانکردنی ماڵی تۆ سەرپێچی لە یاسا دەکات... **بیرمەندێک**
– هەندێ جار یاساکان وەک تەونی جاڵجاڵۆکەیان لێ دێت، باڵدارە بچووکەکان پێوەی دەبن و باڵندە گەورەکانیش پێی گەورە دەبن.. **ڕۆژنامەوانێک**
– ئەگەر یاساکان بکەوتنایەتە قسەکردن، بێ گومان ئاخ و ناڵەیان دەبوو لەدەست پارێزەرەکان... **جۆرج واشنتۆن**
– لەنێو هەر گەلێکدا یاسا بەهێز بوو، بێ شک ئەو گەلە بەهێز دەبێ... **پەندی گەلان**
– پێویستە یاسا بەسەر مرۆڤەوە دەسەڵاتدار بێت، نەک مرۆڤ دەسەڵاتداری یاسا بێت... **پەندێکی ئیتاڵی**
– یاسا نەرمونیانەکان پیادە ناکرێن و یاسا توندەکانیش جێبەجێ ناکرێن... **پەندێکی ئەمریکی**
– هاوکاریکردنی یەکتر، یاسای ژیانە... **تەها حوسێن**
– یاسا باشەکان بەرەو یاسای باشتر دەڕۆن و یاسا خراپەکانیش یاسای خراپتریان بەدوادا دێت... **ئەنیشتاین**
– لە وڵاتێکدا کە یاسا سەروەر نەبێت، خەڵک بەرێکەوت دەکەونە زیندانەوە و لەوێدا دادەڕزێن.. **ڕۆژنامەوانێک**

# سەیرترین حوکمی دادوەران لە جیهاندا



دادوەران کاتی حوکمی تاوانباران دەدەن، کار بۆ جێبەجێکردنی یاسا دەکەن، ئەوەش بە ئامانجی وەدیهێنانی تەناهی و دادپەروەری لەنێو کۆمەڵگەدا، بەڵام هەندێ جار دادوەران دۆسیەی زۆر سەیریان دەچێتە پێش، بۆیە ئەو جۆرە دۆسیانە وا دەخوازێ ددوەران ئیجتیهادی خۆیان بەکار بهێنن تا حوکمێک بدەن یاسایی بێت، دیوارنامەی (شایان) لەمەودوا، هەر ژمارەیەک یەکێک لەو حوکمە سەیر و کۆمیدییانە بڵاو دەکاتەوە:

### سەرزەنشتی بەردەوام

– تاوانبارێکی کەیسی مادە هۆشبەرەکان کە کرێکارێکی تەمەن ٢٨ ساڵی بیناسازی بووە، دایکێکی زۆر قسەڕەق و خونەخونکەری هەبووە و خۆیشی زۆر حەزی لە ڕابواردنی شەوانەی نێو هاوڕێکانی بووە، بۆیە دادوەر بەوە حوکمی دەدات کە بۆ ماوەی ٢٨ ڕۆژ هەموو شەوێک لە سەعات ١٠ی شەوەوە تا ١٠ی بەیانی لە ماڵەوە بەدیار دایکیەوە بێت و گوێ لە سەرزەنشت و قسە ڕەق و توندەکانی دایکی بگرێت! هەرچەندە تاوانبار (واینی بامفورد) چەندین جار داوا دەکات حوکمەکەی بگۆڕن بە دانی غەرامەی دارایی، بەڵام دادوەر بە گۆڕینی حوکمەکەی ڕازی نابێت.

# لەبارەی پیشەی (پارێزەری)یەوە



پیشەی پارێزەری، سەرفرازییە وەکوو دادوەری، نەمرە وەکوو بەخشندەیی، پێویستە وەکوو یەکسانی... پارێزەری ئەو پیشەیەیە کە لە یەک کاتدا هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی سامان و هەروەها بەجێهێنانی ئەرکی سەرشانی تێدا کۆ بووەتەوە... پارێزەر ژیانی خۆی بۆ خزمەتی خەڵک تەرخان دەکات بەبێ ئەوەی ببێتە کۆیلەیان... پیشەی پاریزەری وا لە مرۆڤ دەکات بێ بنەماڵەش خانەدان بێت، بێ پارە دەوڵەمەند بێت، بێ ناسناو خاوەن پێگە بێت، بەبێ سامان دڵخۆش بێت.

**سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەریی فەرەنسا**

شایان بڵاوکراوەی هەمووانە، هەر مامۆستا و قوتابی و خوێندکارێک دەیەوێ بەشدار بێت با بابەتەکەی بۆ ئەم ئەدرێسە بنێرێت، بەمەرجێ هیچ بابەتێک لە ٢٥٠ وشە زیاتر نەبێت و وێنەی نووسەری لەگەڵ بێت
shayannewspaper@gmail.com